# لەبارەی کەڵچەرەوە ... رواڵەتبازیی هەرزانفرۆش

**بەهزاد حەوێزی**

b_hawezy@yahoo.com



کەڵچەر(٭)ی ساخ ودروست وەك بەشێکی ئەکتیڤ لێی بەرجەستەکەری سەرخانێکی بنەماپتەووهاوچەرخانەیە، رەنگپێدەری شوناسێکی مرۆیی ونەتەوەیی ونیشتیمانییە، بەمانا ئەو شارستانییەتەی تارادەیەکی باش هەنگاوی پەرەگرتن وپێشکەوتنی هەڵێناوە .

ئەو ئاستەی بەسەر هەموو بوارەکاندا رەنگی داوەتەوە وبرەوپێدەری هزروفیکری رۆشنگەریی ورابوونە ورەگەزەکانیشی لەو هەڵکەوت وزەوینەمەعریفیەدا سەرچاوەی گرتووە، کە هەم ستووندەکانی راگرتن وهەمیش پاڵنەری بەرەوپێشوەچوونی تاك وکۆمەڵگەشن .

جا لێرەدا ئەو لێشاوەرۆشنبیرییە تەکاندەری رۆشنبەخشی هۆشوگۆشی ئادەمیزادوبزاڤەرووناکبیرییەکەیەتی، بەمەش چەندین تەلاری زانین ومەعریفی بۆخۆی چێکردووەوئایندەیەکی روونی بۆخۆی نەخشاندووە، ئەو هێزەفیکری وفەلسەڤی ومەعریفییەش زادەی چەند سەدەیەکن لە کۆشش وبلیمەتکاریی هزروان وبیرمەندان وفەیلەسوفەکان، ئەمەش بەروونی وجوانی لە بەشە خۆرئاواییەکەی جیهاندا دەیبینین ئەو پێشکەوتن وریچکەفیکری وفەلسەڤ ومەعریفیانەی به درێژایی مێژوودا قەتارەیان بەست وگەیشتن بەمرۆکە .

ئەی لەبەشەکەی دیکەدا (گەر شیا وابلێین) چ کەلچەروشارستانییەتێك هەیە، چ پێشکەوتن وپەرەگرتنێك بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی خۆرئاوا، دیارە لەو پێکهاتەوکۆمەڵگەدواکەوتوودا خراوانەدا کۆمەڵەفاکتەرێك هەن، جگە لە زنجیرەیەك قەدەغەوتابۆوتخوبەسوورەترسناکەکان، لێرەدا ئادەمیزاد کوشتەی دەستی کۆمەڵە هێزێکە وەك هێزیی نائاگایی، ئەو هێزەی جلەوی ویستی لێسەندۆتەوەوئەویش لە نائومێدیا خۆی داوەتە دەست قەدەرو بێدەسەڵاتی لە ئاست پێوەندەکانی نێو ناخ وهزروفیکری خۆی، لێرە کۆمەڵەچەمکێك هەن پێویستیان بە شیکردنەوەوهەڵسەنگاندن هەیە، کۆمەڵە دەردێکی کوشندە، ئافات، ئەوانە هەموو گرفت وکێشەی سەردەمن ووایان کردووە ببین بە خاوەن کەلچەرێکی نادروست وخەوشدار، بە گەڕانەوە بۆ خودی سیستەمی ئادەمیزادی خۆرهەڵاتی، ئادەمیزادی کۆتکراو بە لەو دیو بوون وویست وئاگایی خۆی، کەواتە کێشەکە ئازادییە! ئەمە بنەمایەکی بەتین وکاریگەری تەوەرەکەیە، رەنگە هەن پێدادەگرن لەسەر ئەوەی ئازادی واتە ژیان وژیانیش واتە ئازادی، بەڵام با لەو تەقلیدەکوێرانەیە خۆبەدوور بگرین ئازادی : خودیخۆی چەمکێکی ئازاد نییە، واتە چی لە ئازادی تێدەگەین وچۆن چۆنی لەپرەنسیپەکانی حاڵیدەبین ولەدواییشدا کەلك وسوودی لێدەبینین .

باسکردن لە رۆشنبیریی دەمانباتەوە نێو کۆمەڵەئەندێشەیەکی کۆمەڵگەلی وتاکەکەسیەتی، هەریەك لەو دوانەش گرنگ ورۆڵگێرن سەبارەت بەو سیستەمە، رۆشنبیری سیستەمێکی هۆشیاریی ئەقلانییە، بەمەش ستراکچەرێکی رەگاژۆی مێژووییە وزادەی شەوورۆژێك نییە، بەلکە زادەی چەند قۆناخێکی گرنگی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی و ململانەی رۆشنبیریی وهیدیکەیە، بەڵام رەگوریشاڵی ئاوا داکوتراوە ئەمرۆ سێبەری بەسەر هەموو کایەوبوارەکاندا پەخش بووە، ئەمەراستییەکەونکوڵی لێناکرێت، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە بەهەمان ئەندازە تینوویەتی هەموان وەکو یەك بشکێنێ و رۆحیان فێنك بکاتەوە، چونکە بنەماوماك وزەوینەهەمەجۆرەکانی هەریەك لەو سیستەمە کۆمەڵایەتییانەجیان وهەریەك خەسڵەت وتایبەتمەندیی خۆی هەیە و بەوپێیەوپێوەرەش کاریگەری وکارتێکراوی دەبێت، ئایا تا چەند ئێمەئامادەییمان هەیە بۆ پێڕۆکردنی نەریتێکی تازەوداماڵینی کۆنەکەوڵی دابێکی کۆن، ئایا ئێمە ئەو خولیاوپاڵنەروهاندەرەمان تیایە پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان بە زەمەنێکی قیاسی کورت بگۆڕین وروانین وبۆچوونمان لەسەر بنەمایەکی رۆشنبیریی – ئەقلی نوێ هەڵبچنین، ئایا ئێمە لەکرۆك وبنەماوە بوێرین بۆ بەخۆداچوونەوەوسەرلەنوێ هەڵنانەوەی زەوینەیەکی تازەی گۆڕانکاریی رووەوسەرنگونکردنی وێرانەی دواکەوتوویی ونەزانیی، ئەمانەو کۆمەڵەپرسیارێکی دیکە هەمیشەوهەمیشە ئێخەمان دەگرن و ئێمەش لە ئاست تەرحکردن و قسەلەسەرکردنیان نیگەران وکەمتەرخەم وکەمدۆنین .

وادیاره وپێدەچێت هەردوو ڕێچکەی هۆشیاریی ورۆشنبیریی بەیەك نەزم ڕێنەكەن، روونیشه بەیەكەوەگرێدراون وهەریەك رەنگپێدەری یا بەیەكەوە كارلێكدەكەن، ئەمەش بەلای ئەوەمان لاردەكاتەوە شۆڕشێك بەرپابكەین بۆ گۆڕین، چونكە پێویستەوئەگەرنا ئەقل گەندەڵ دەبێت، گومانیشی تیا نییە دەبێت لە هۆشەوە ئینجا لەكەلچەرەوە دەست پێبكەین لە سیستەمی بیروهۆش ومەعریفەوە بەرەو بونیاتنانەوەی ژێرخانی رۆشنبیریی، لە خودی ئادەمیزادەوە (وەك سیستەم) گرنگە لە كرۆك وناوەڕۆكیەوە نەك لە رواڵەت وهەڵسوكەوتەرووكەشانەكەی، لە زەوینەی رۆشنبیرییەوە نەك لە سەرەدیارونوختەرەشەكان، نەك لە بەرگەزانستییەدڕاووهۆشەكلۆڵەكەی، كە لەو بێ مانایی وبێتامییەیدا سیستەمێكی تازەی پرۆفشناڵی فریودان هاتۆتەئاراوە .

كەڵچەری فریودراووفریودەر، چ رۆژگارێكی ساختەوقێزەونیان خستۆتەوە، چ رەشنووسێكی سەقەت ومەنگۆل . ئەمەش لە ئەقڵێكی نەخۆش وجەهالەتێكی بێسنوور بەرپابووە، نەك لە بزاڤێكی رۆشنگەریی .

لەبونیاتنانی كەڵچەردا بونیاتنانی ئەقڵ دێتەپێش ئێمە دەبێ لەوەوە هەنگاو چێبكەین پێش ئەوەی بیهاوێین دەبێ لامان روون بێت چ دابێكی كوشندە هەیە چ نەریتێكی ترسناك چ ورەەمێك كەوتۆتەئەو جەستەیە لە توندوتیژی وویرانكاریی لە نەزانی وبەدبیریی وكاڵفامیی وئێرەیی ناهۆشیارانە، ئەمانە هەموو لەكوێی ئەو چەمكانەن لە نێو تۆڕی كەڵچەردا مۆڵیان خواردووەو وابەسانایی وەدەرنانرێن، بۆیە جیاوازی ئێرەو ئەوێ رەنگە ئاسمان وڕێسمان بێت .

هەنگاو لە هۆشو بیرو ئەقڵەوە بەرەو پانتایی رۆشنایی و نوێگەرێتی كەڵچەر لەخۆیدا پێكنایەت وچێنابێت، واتە سیستیماتیزەكردنی گەرەكە، ئەوخوێنەگەرمەی نێو شادەمارەكانیشی لە هزروهۆشی ئادەمیزادەوەیە وەك زنجیرەیەكی یەكلەدواییەكی پەرەسەندن وگەشەكردن، لەو زەوینەهۆشمەندیی وئەقلییەی رێبەری دەكاوئەكتیڤی دەكات بەجۆرێك ببێ بەداینەمۆووهەوێنی گۆڕانكاریی ولادانی دیوەنەبینراوەكانی پیرۆزی وتابۆكان، رەنگڕێژكردنی میتۆدوبەهامرۆییەهاوچەرخ وچەمكەبە مۆدرنەكراوەكانی وەك : ئازادی، دادپەروەری، یەكسانی، ماف و...تد .

وێرانەیەك لەتەكمانا یەكێكی دیكە لە ناوەوەو یەكێكی دیكەش لەولاترەوە، جا چۆن ئەو ئەقل وكەلچەرە ساخ ودروست دەردەچن ؟! ئەو گۆمە — دواكەوتوویی رۆشنبیریی - چۆن بۆگەن ناكات وهەرهەمووی گلەیی وگازاندە ناكات، بەلانسی كۆمەڵایەتی ورۆشنبیری تێكناچێت، مرۆڤ نابێت بە كاڵایەكی كەمنرخ وساویلكەی نێو بازاڕوماركێت وفرۆشگەكانی رۆشنبیریی وسەر تای تەرازووە لاسەنگ وئەموئەودەست پێكردنە، نابێت بە ئامرازێكی هەرزانفرۆشی ئاڵووێرپێكراوی سیاسی و ئابووری وكۆمەڵایەتی ورۆشنبیریی، ئەو كەلچەرە لەو مەیدانەگەرموگورەی بەنائەقلانیی بووندا چی تیا پەسندەو ئەو پەسندییەی لەكوێیە تا ببێ بە مایەی هۆشڕوونیی وبیرپاكیی ودڵنەوایی .

وێرانەیەك لەكەڵچەر بەچی بونیات دەنرێتەوە گەر لەبنەماوە بۆی نەچیەوە و تاوتوی نەكەی وبوێرانەوئازادانەوراستگۆیانە پەنجە نەخەیتە سەر ئەو درزودومەڵانەی سەرونێوهەیكەلەكەی، دیارە كەلچەر هەر ئەو بەهاودابونەریت وعورفانە نییە، ئەو سەرخانەرۆشنبیرییانەنییە، بەلكە شانبەشانی ئەوە لە راستیشدا بزاڤێكی رووناكبیریش دەگرێتەوە ئامێتە لە رەسەنایەتی وهەڵگری مۆركی مرۆڤایەتی .

دەردەكوشندەكانی نێو كۆمەڵگە - لەقۆناغێك لە قۆناغەكاندا - زۆربەیان لەو سیستەمە رۆشنبیریی نارۆشنبیرییە سەرچاوەیان گرتووە، ئەوەش بە دەوری خۆی بەسەر هزروهۆشی هەمواندا رەنگی داوەتەوە ولە رەفتاروهەڵسوكەوتەكاندا بەرجەستەدەبێت، جگە لە شاڵلوێكی جیهانی ناهاوسەنگ لە تەكنیئەلكترۆنیك، كە باڵی بەسەر هەموو دنیادا كێشاوە، داخوا لێرەدا كەڵچەر نەخاسمە (لۆكاڵ) دەبێ رۆڵی چی بێت وچی پێببێت بەتایبەت گەر لە ئاستێكی هەرەنزم دابێت وەك ئامادەباشی هەر تەوژمێكی نوێ، دیاردەومیكرۆسیستەم وچەمكەكانی لەدەرەنجامداچیان بەسەرهاتووەودێت چ گۆڕانێكیان لێ وەبەردێ، لەو چەمكانەش : زمان، دابونەریت، پەیوەندییەكۆمەڵایەتییەكان، بەهاكان، ...تد، ئاستنزمی رۆشنبیری و هونەری وفەلەجیی سەلیقەومگێزی كەسێتی وەك بەشێك لە كەڵچەرێكی چرۆپر یا بەربەرین بۆداوودەزگەفەرمی ونافەرمیەكان دەگەڕێتەوە، بۆ ئەقلیەتی قەبەلیەت وهۆزوهاوبەندی خوێن، ئا ئەمەیە پرۆگرامی بەسیستەماتیزەكردن ورێكخستن وئەكتیڤكردن وداڕژتنەوەی ستراكچەری رۆشنبیریی ! ((ئەمە كل لەچاوكردنە یا چاوكوێركردن )) لێشاوێك لە رەگەزودیاردەیناشێ ونامۆوچەوت وبێماناو كارورەفتاری پروپووچ وكرچوكاڵ وهەرەمەكییانە، وەك بڵێی خەڵكی لێزان ولێهاتووپسپۆر لەو زێدەدا نەبن، كامەیە ستراتیژی پرۆژەرۆشنبیرییەكان ورێكخستنەوەوبونیاتنانەوەی ژێرخانەداتەپیوەكە، كوا لایەنی پەیوەندیداروهەماهەنگی وپلان و...تد، تائەمڕۆ چی بەرهەم هاتووەوچی كراوەوكاریگەرییەكان چین وكامانەن وكۆمەڵگە كوا چەند پێ

چۆتەپێشەوەوکوا هۆشیارییەکان! کوا ئەو کولتورەرۆشنبیرییە کوا پێوەرەکانی ئەقل ومێزەکانی دیالۆگ ورەخنەگرتن و((تەقدیر وتەقیم وتەقویم)) ئەی نالێین سیستەم کوا ئەو بەسیستەماتیزەکردنە هاوچەرخە؟؟ لەچیدایە لە کام پرۆژەیسەرکەوتوودا خۆی نواندووە، لەکام دەزگەی رۆشنبیریی یا میدیادا ئەو پەیامەی راشکاوانەوزانستیانەوسەردەمانە گەیاندووە، کام حەتمیەتی رۆشنبیریی یا لە زۆری وبۆری چاپ وبڵاوکردنەوەدا یا لە شەڕەدندوك ونوقرچەگرتن وپاشقول لێگرتن وبەدەیان شێوازی کرێتی دیکە، کوا پەروەردەیرۆشنبیریی وهۆشیاریی رۆشنبیریی ورۆشنبیرییەکانی دیکە وەك : سیاسی، یاسایی، کۆمەڵایەتی .

کەلچەرێکی تێکهەڵشێواوو چەقیو لێوانلێو لە توخمی سەیرسەیری نامۆ، وێڕای جوینەوەوسواوی وکۆمەڵە ماك وبنەمایەکی ژەنگگرتوو، هەڵێنجراو لە پاشخانێکی سەقەتی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئەقلیەتی زەلیلانەی کاڵبووەوەی بەعسیزم و دیکتاتۆریی ولۆجیکی هێزوخۆسەپاندن وخۆبەزلزانی وکورتبینیی شوناسگەل لە ئاست ناسیۆنالیزمی غەیرە ودەوراندەور، ئەمانە بەلایەکدا لەخودی جەمسەرەکاندا خۆدەنوێنن، لەو جومگانەی ئەو پەیکەرەئێسقانە لێکدەبەستنەوە، تووبڵێی بە لێکترازانی ئەو جومگانە ئیدی تەواو پەیکەرەکەش وردوخاش ببێت، هەرگیز ئەوانە رواڵەتەکەن نەك ناوەڕۆك ئەمەش کرۆکی مەبەستە، بۆیە دەبێ لە بنەڕەتەوە دەست پێبکرێ وزەوینەکە برەخسێنرێت وئەو بەرگە خەڵەتێنەروفریودەرەلێکهەڵزرێ ودابماڵرێ .

شوناسی کەلچەرێکی لەتوپەت شك دەبەم بەدەستی دەسەڵاتەوە (بەهەمووئاستەکانییەوە)، رووە نێگەتیفەکەی وەك تیشکی رۆژ دەبریسکێتەوەورێی بەرچاوروونی بینینی خودی رۆژمان لێدەگرێت، رێنادا رۆحی راستەقینەکەی خۆمان وویست وخواستەکانی تیا بخوێنینەوە، رۆحی میللیی ونەتەوەیی وشۆڕشگێریی تیا بەدیبکەین، زەمەن زەمەنی یاخیبوون نییە زەمەن زەمەنی وشترملەکانە !! .

---

(٭) culture - کەڵچەر – رۆشنبیریی (الثقافة) بریتیە لەو هەمی – گشت - ئالۆزاوییەی مەعریفەوئەقیدەوهونەرومۆراڵ ویاساوعورف ودابەنەریت و هەرچی دەکرێ لەکۆمەڵگەوە بۆ مرۆڤ بگوێزرێتەوە، هەندێ دەڵێن : کەلچەر شتێکەفێری دەبیت، هەیشە دەڵێت : مەوروسەوماوەتەوە، هەندێ جەخت دەکەنە سەر هۆشیاریی لە کەڵچەردا هەندێکی دیکە رۆڵی نەریت فووت دەکەنەوە، ئەمەش بووە هۆی مشتومڕێکی زۆر لەمەڕ سەرهەڵدانی دەوڵەت وئایینەکان وسیستەمە کۆمەڵایەتییەکان وپەیوەندی بە کەسایەتی واتە کەڵچەر لەرێی رێکخستنی ژیانی گرووپ نەشونما دەکات و...تد .

**<u>هەولێر – 2007/7/18</u>**